# بڕیاری ئەنجومەنی وەزیران

## ژمارە (٢١٦) لە ٢٠٢٣/٥/١٤

پشتبەست بە حوکمەکانی ماددەی (هەشتەم) لە یاسای ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان ژمارە (٣)ی ساڵی ١٩٩٢ هەموارکراو، و ئاماژە بە کۆبوونەوەی ئەنجومەنی وەزیران ژمارە (١٠٩) لە ٢٠٢٣/٥/١٤، ئەنجومەنی وەزیران بە کۆی دەنگ بڕیاری دا بە:

١. بەناوەندییکردنی (داهات سیولە - خەرجییەکان مووچە) لە سەرتاسەری هەرێمی کوردستان و ڕێکخستنەوەی سەرجەم سەرچاوەکانی داهات لە بانکەکان و گەنجینەکان و دەروازە سنوورییەکان و بەڕێوەبەرایەتییەکانی وەرگرتنی باج و ڕسومات لە سەرتاسەری هەرێم بە مەبەستی پاراستنی داهاتی گشتی و هەروەها بەیەکەوەبەستنیان لە ڕێگەی سیستەمێکی ئەلکترۆنی بە هەر یەک لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی ژمێرکاری و بەڕێوەبەرایەتی بانکە بازرگانییەکان لە وەزارەتی دارایی و ئابووری.

٢. پێدانی ئەولەویەت لەناو خەرجییەکان بە مووچە وەک خەرجیی سیادی لە سەرتاسەری هەرێم، بۆ خەرجییەکانی دیکەش (جگە لە مووچە) پێویستە بە میکانیزم و ڕێکاری گونجاو و بە شێوازێکی دادپەروەرانە لەسەر بنەمای ژمارەی دانیشتووانی هەر پارێزگا و ئیدارەیەکی سەربەخۆ، تەرخانی خەرجییەکان بکرێت و ئەنجام بدرێن بە ڕەچاوکردنی فەراهەمبوونی هاوسەنگی لە نێوان داهات و خەرجی.

٣. بۆ مسۆگەرکردنی جێبەجێکردنی ئەم بڕیارانەش، بەڕێزان سەرۆک و جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران سەرپشککران لەلایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە بۆ داڕشتنی وردەکاریی چۆنیەتی جێبەجێکردنی ئەم بڕیارانە و دانانی میکانیزمی پێویست بۆ پشتیوانیی وەزارەت و لایەنە ڕاسپێردراوەکان لە چوارچێوەی تایبەتمەندییان بەگوێرەی یاسا بەرکارەکان.